# سەرۆککۆمار مەرسومی کۆماری بۆ پارێزگاری نوێی سەلاحەددین دەرناکات



سەرۆککۆماری عێراق، مەرسومی کۆماری بۆ پارێزگاری نوێی سەلاحەددین دەرناکات بەربژێری ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ ئەو پۆستە رەتدەکاتەوە.

بە گوێرەی نووسراوێکی نهێنی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، داواکاریی ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەددین بۆ دانانی ئەحمەد جبووری وەک پارێزگار رەتکرایەوە.

نووسراوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، بەربژێری ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەددین پێشتر لە چەند دۆسیەیەک لەلایەن دادگاوە سزای بەسەردا سەپێنراوە و ساڵی 2016 بەر لێخۆشبوونی گشتی کەوتووە.

سەرۆکایەتی کۆمار دەشڵێت، دانانی ئەحمەد جبووری وەک پارێزگاری سەلاحەددین پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقە.